گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper25

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٤/٠٩/١٤
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/١٢/١٦
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# کۆکردنەوەی قورئان لەڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسی (تیۆدۆر نۆڵدکە و ڕیجس بلاشێر) بەنمونە (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی)

**ڕەوەند اسماعیل ڕەسوڵ**

rawand.ismael@spu.edu.iq

بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بەبازاڕکردن، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، دوکان، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

ڕۆژهەڵاتناسی پرۆسەیەکی فکری- مەعریفییە کە تێیدا ڕۆژئاواییەکان هەوڵی ناسینی ڕۆژهەڵات دەدەن و لە سەرجەم لایەنەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و هزری و ئاکاری و زانستی دەکۆڵنەوە، و بەشێکی جیانەکراوەیە لە ململانێ و پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، قورئان وەک کتێبی پیرۆزی موسڵمانان زۆرترین لێکۆڵینەوە و نوسینی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە دەربارە کراوە، تەواوی بابەتە قورئانییەکانیان شەنوکەو کردوە، لەو ڕێگەیەوە گومان گەلێکی زۆریان دروست کردوە، کە لەڕێڕەوە زانستی و ویژدانییەکان لایانداوە.

ڕۆژهەڵاتناسان (تیۆدۆر نۆڵدکە[i] و ڕێجس بلاشێر[ii])، کارێکی زۆریان لەسەر بابەتە قورئانییەکان کردوە، لە ڕێگەی نوسین و بڵاوکراوەکانیان شک و گومانیان خستۆتە سەریان، یەکێک لەو بابەتانەش بریتییە لە کۆکردنەوەی قورئان، وەک ڕونە قورئان بە سێ قۆناغە کۆکراوەتەوە، ئەوانیش لە سەردەمی پێغەمبەر و لەسەردەمی هەر دو خەلیفەی ڕاشیدین (ئەبوبەکری صدیق(13ه_634ز) و عوسمانی کوڕی عەفان (35ه_656ز))، ئەوەی جێگەی باسە سەرچاوە مێژوییە ڕەسەنەکان زۆر بەڕونی و بێ هیچ لێڵی و ناڕونییەک شێواز و تایبەتمەندییەکانی کۆکردنەوەی قورئانیان خستۆتەڕو، بەڵام هەر دو ڕۆژهەڵاتناسی

ناوبراو بە چەند شێوەیەک ڕاو و بۆچونی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە خستۆتەڕو کە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە دروستکردنی گومان و بە لاڕێدا بردنی ڕاستییە مێژوی و زانستییەکان، هەندێک جاریش پشتیان بەستوە بەسەرچاوەی بێهێز و قسەی هەڵبەستراو، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا گۆمانەکانی ئەوانمان نیشانداوە و بەپشت بەستن بەسەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەی زانستی و لۆجیکی ڕەخنەی ئەو ڕاو بۆچونانەمان کردوە.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆژهەلاتناسی، کۆکردنەوەی قورئان، نۆڵدکە، بلاشیر.

## پێشەکی:

قورئانی پیرۆز دیاری خودایە بۆ کۆتا پێغەمبەر(د.خ)، گەورەترین موعجیزە (پەرچو)ە بەدرێژایی سەردەمەکان، لەهەمان کاتدا بنەمای ئیسلام و سەرچاوەی یاسا و ئاکارە، بنەمای شارستانی و سەرچاوەی زانیارییە.

ڕۆژهەلاتناسیش وەک ئامڕازێکی ململانێی نێوان ڕۆژئاوا و جیهانی ئیسلامی، گرنگییەکی لە ڕادەبەدەریان بە زانستە قورئانییەکان داوە، لەم ڕووەوە زۆرترین تانە و گومانیان خستۆتە سەر سەرچاوەکانی و کۆکردنەوە و نوسینەوە و سورەت و ئایەتەکانی قورئان، لەڕێگەی نوسین و لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانیان، هەردو ڕۆژهەلاتناسی بەناوبانگ (تیۆدۆر نۆڵدکە(1930ز) و ریجس بلاشێر(1973ز))، لەسەر بابەتە قورئانییەکان زۆرترین نوسراویان هەیە و کۆکردنەوەی قوئانیش بەشێکە لە ناوەڕۆکی نوسراوەکانیان، کە تێیدا بەچەند شێوازێک تانە و گومانیان خستۆتە سەر قۆناغ و چۆنیەتی کۆکردنەوەی قورئان، لەم لێکۆڵینەوەدا بۆچونەکانیان بەرانبەر بە کۆکردنەوەی قورئان دەرخستوە و ڕەخنەی لادانە زانستی و مەنهەجییەکانیان گیراوە بەبەڵگە و پشت بەستن بەسەرچاوە ڕەسەنەکان و لێکۆڵینەوە نوێیەکان.

کێشەی توێژینەوە (پرسیارەکانی توێژینەوە): پرسی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز یەکێکە لە پرسە بنەڕەتییەکانی زانستی قورئانی، بۆیە لێرەدا کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی دێتە ئاراوە:

_ ئەو گومانانە چین کە لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)دا، سەبارەت بە کۆکردنەوەی قورئان وروژێنراون و چۆن وەڵامیان دەراوەتەوە؟

_ ئەو گومانانە چین کە لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر، سەبارەت بە کۆکردنەوەی قورئان وروژێنراون و چۆن وەڵامیان دەراوەتەوە؟

_ ئەو گومانانە چین کە لە سەردەمی خەلیفە عوسمان، سەبارەت بە فرەیی وروژێنراون و چۆن وەڵامیان دەدەینەوە؟

_ ئایا زەیدی کوڕی سابت، لەئاست ئەو بەرپرسیارەتیە گەورەیەدا بوە، کە لە هەر سێ قۆناغەکە کەسی یەکەمی کۆکردنەوەی قورئان بێت؟

_ئایا تا چەند گومان و تانەکانی ڕۆژهەڵاتناسان بەرانبەر بەقورئان ئامانجی خۆیان پێکاوە؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم بابەتە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش بەرگریکردنە لە بەبەهاترین شت لەم جیهانەدا لای موسڵمانان ئەویش قورئانی پیرۆزە، هەروەها سەلماندنی سەلامەتی و پارێزراوی قورئان لە کەموکورتی و زیادەرۆی، دەرخستنی ئەو گومان و بۆچونە هەڵانەی بەرانبەر بە قورئان دروستکراون بە پشت بەستن بەسەرچاوە و بەڵگەی زانستی و لۆژیکی.

**ئامانجی توێژینەوە:** بریتییە لەدەستنیشانکردنی ئەو گومانانەیە کە لەبارەی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆزەوە وروژێنراون، دواتر وەڵام دانەوەی لەسەر بنەما زانستی و مەنهەجییەکان و بەپشت بەستن بەقورئان و فەرمودە و قسەی زانایان و مێژونوسە کۆنەکان و لێکۆڵەرە نوێیەکان.

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆ نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە سود لەچەند میتۆدێک وەرگیراوە، تا بەشێوەیەکی ئەکادیمی بە ئامانجی توێژینەوەکە بگەین، هەوڵمانداوە لەنوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی لێکۆڵینەوە زانستی مێژوی ببەستین، کە لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و هەڵێنجان سەرچاوەی گرتوە، ئەمەش بەتێرامان و وردبونەوە لە سەرچاوە مێژوییەکان، هەندێک جاریش بۆ زیاتر گەیشتن بە مەبەستێک پشت بە میتۆدی گێڕانەوە بەستراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە دابەشکراوە، لەدەروازەدا زاراوەکان سەرەکیەکان ناسێنراون، ناوەڕۆکیش دابەشکراوە بۆ سێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم بەناونیشانی کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ)و ڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان، تەوەرەی دوەم بەناونیشانی کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر و ڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان، سێیەمیش تایبەتە بە کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا و ڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان، دواتر بە دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پەراوێزەکان کۆتایمان بەم توێژینەوە هێناوە.

## 1- دەروازە: ناساندنی زاراوەکان

### 1-1: کۆکردەوەی قورئان

کۆکردنەوە لەڕوی زمانەوانییەوە، بەواتای کۆکردنەوەی شتەکان، لەیەک نزیککردنەوەی شتەکان، یان دەگوترێ کۆکردنەوە و کۆبونەوە(الاسفهاني، 1412ه، 201)، یان بریتییە لە کۆکردنەوەی شتە پەرشوبڵاوەکان (ابن منظور، 1414ه، 53/8).

کۆکردنەوە لەقورئاندا دو مانای هەیە: یەکەمیان: بریتییە لە هەڵگرتن و لەبەرکردنی لەسینگ و دڵدا(ابن جزري، ج1345/1ه، 6؛ النجار، 1992، 12).

دوەمیان: بریتییە لەنوسینەوەی بابەتەکان لەدوتوێی یەک کتێبدا(السیوطي، 2008، 126؛ الشمري، 2014، 17).

## 2-1: ڕۆژهەڵاتناسی

ڕۆژهەڵاتناسی لەڕوی زمانەوانییەوە لە بنەڕەتدا لەوشەی (Orientalism)ەوە وەرگیراوە، لەڕوی زمانەوانییەوە ئەم زاراوەیە لەوشەی (Orient)ەوە دارێژراوە، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەوتونەتە ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاست(زماني، 2010، 14)، کەواتە هەڵاتنی خۆر یان دەرکەوتنی خۆر، یان ئەو شوێنەی خۆری لێ هەڵدێت(زناتي، 2006، 19).

ڕۆژهەڵاتناسی لەڕوی زاراوەوە: (ڕۆژهەڵاتناسی هەوڵدان و هەنگاونانی ڕۆژئاواییەکانە بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵات، ئەمەش لەبەر ئەو پێگەیەی گەورەی و تایبەتەی ڕۆژهەڵات هەیەتی لەدیدی ڕۆژئاواییەکانەوە، هەروەها شێواوێکە لەفیکر کە لەسەر بنەمای جیاکاری نەژادپەرستی و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بنیات نراوە (سعید، 2005، 38)، (ڕۆژهەڵاتناسی ئەو بزوتنەوە زنجیرەیە لێکدانەبڕاوەیە کە تێیدا ڕۆژئاوا هەوڵدەدات لەڕوی زانستی و فیکری و ئەدەبیەوە ڕۆژهەڵات بناسێت، و دواتر لەڕوی ئابوری و کلتوری و ستراتیژییەوە بەکاریبهێنێت و بیکات بە شوێن دەسەڵاتی خۆی) (ئەحمەد، 2016، 17).

ڕۆژهەڵاتناسی لای ڕۆژهەڵاتناسەکان و بەتایبەت لای (ڕۆدی بارت)[iii]، دەڵێت: (ڕۆژهەڵاتناسی زانستێکی تایبەتە بە فیلۆلۆجیا (واژەناسی)، بۆیە بۆ ئەوەی لەواتای ڕۆژهەڵاتناسی تێبگەن، پێویستە لەواتای ئەو وشەیە تێبگەین کە ڕۆژهەڵاتناسی بۆ بەکارهاتوە، کەواتا ڕۆژهەڵاتناسی زانستی ڕۆژهەڵاتە یان زانستی جیهانی ڕۆژهەڵاتە) (ئەحمەد، 2016، 18).

کۆکردنەوەی قورئان بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە، ئەوانیش:

2- تەوەری یەکەم: کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و ڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان.

سەرچاوەکان بەتەواوەی کۆکن لەسەر نوسیەوەی قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ)، بەجۆرێک کاتێک وەحی دەهاتە خوارەوە بانگی یەکێک لەنوسەرانی وەحی دەکرا بۆ ئەوەی ئایەتە قورئانییەکان بنوسێتەوە (ابي داود، 2011، ج145/1؛ ابی عبید، د.س، 280؛ البخاري، 1417ه، 1087/5؛ ابن کثیر، 1416ه، 64؛ السیوطي، 2008، ج1، 127؛ الخوئي، 1981، 254)، کاتێک نوسەرەکەی وەحی تەواو دەبو، پێغەمبەر (د.خ) داوای لێ دەکرد بۆی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لەئەگەری بونی هەڵەیەک بۆی ڕاست بکاتەوە (ابن ابي داود، 2011، ج146/1؛ دراز، 1884، 34)، چەندان کەس لە هاوەڵان کاری نوسینەوەی وەحیان دەکرد، نوسینەوەی قورئان لەو سەردەمدا لەسەر پێستە و گەڵای خورما و ئێسکی وشتر و تاتابەرد...هتد بوە، لەگەڵ ئەوەی قورئان بەتەواوەتی لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) نوسراوەتەوە، بەڵام لەچوارچێوەی دوتوێی یەک کتێبدا کۆنەکراوەتەوە و فەرمانی بەکۆکردنەوەشی نەکردوە، هەروەها سورەتەکانیش ڕێکخراو نەبون (الزرکشي،1984،1/235؛ السیوطي، 2008، 128)، هۆکاری کۆنەکردنەوەی قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) بریتییە لە:

١_ لەبەرئەوەی هاوەڵان لەسەر داوای پێغەمبەر(د.خ) گرنگیان دەدا بە لەبەرکردنی ئایەتە قورئانییەکان و هەڵگرتنی لەسینگدا(مسلم، 1994، 3/138–139)، بەهۆی ئەوەشەوە چەندان قورئان لەبەر هاتنە ئاراوە کە ڕێژەیان لەسەدان کەس زیاتر بوە(ابن جزري، 1345ه، 6؛ بنی عامر، 2004، 284).

٢_ پێغەمبەر(د.خ) بەردەوام چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی وەحی بوە، وەحیش بەشێوەیەک پچڕپچڕ دەهاتە خوارەوە، هەندێکجار چەند ئایەتێک لەسورەتێکدا دادەبەزی و دواتر چەند ئایەتێک لەسورەتێکی تر، خۆی فەرمانی دەکرد ئەم ئایەتانە لەفڵانە سورەتەدا دابنێن و ئەمانەش لەفڵانە سورەتەدا(ابی عبید، د.س، 280؛ السیوطي، 2008، 97–98)، بەهۆکاری ئەوەی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردادەهات، نەدەتوانرا لەو سەردەمە قورئان کۆبکرێتەوە.

٣_ ڕێکخستی سورەت و ئایەتە قورئانییەکان بەپێی کاتی هاتنە خوارەوەیان نەبو، بەڵکو بەپێی نوسراوی قورئان بو لە(لوح محفوظ)، کە لەڕێگەی جبرائیلەوە دەهاتە خوارەوە(السهیلي، د.س، ج1/412–413؛ السیوطي، 2008، 137–138؛ النجار، 1992، 39).

٤_ ماوەی هاتنە خوارەوەی کۆتا ئایەت لەگەڵ وەفاتی پێغەمبەر(د.خ)، زۆر کەم بو، لەیەک ساڵدابو (البخاري، 1417، 5/ 1084؛ ابن کثیر، 1999، ج3/26)، دەگوترێ دو بۆ سێ مانگ، یان دەگوترێ ماوەی هەشتاویەک ڕۆژ لەدابەزینی کۆتا ئایەت زۆربەی کاتەکان نەخۆش بوە(ابن کثیر، 1999، ج3/26 _27)، دیارە ئەو کاتەش بەس نەبو بۆ کۆکردنەوەی قورئان.

ڕۆژهەڵاتناسەکان گومان گەلێکی زۆریار دەربارەی کۆکردنەوەی قورئانە دروستکردوە، وە دەیانەوێت لەڕێگەی دروستکردنی ئەو گومانانە بۆ پرۆسەی نوسینەوە و کۆکردنەوەی قورئان، گومان بخەنە سەر ڕاست و دروستی قورئان و وەحیش، بۆیە گومانەکانیان لەسەر کۆکردەوە و نوسینەوەی قورئان لە قۆناغی یەکەمدا بەم شێوەیە دەبینرێت:

## 2_1: گومانی یەکەم:

(نۆڵدکە و بلاشێر) پێیانوایە قورئان لەسەردەمی مەککەدا نەنوسراوەتەوە و کۆنەکراوەتەوە، بەڵکو تەنها پشت بە لەبەرکردن بەسراوە، بەڵام کاتێک کۆچیان کردوە بۆ مەدینە بەکاریگەری یەهودییەکان قورئانیان نوسیوەتەوە، لەم بارەوە (تیۆدۆر نۆڵدکە)، دەڵێت: (لەگەڵ گرنگی دانی مەحممەد بە نوسینەوەی قورئان بەڵام لەسەرەتاو بەتایبەت لەقۆناغی مەککی نەنوسراوەتەوە، ئەوەش لەبەرئەو بارودۆخەی کە موحممەد و هاوەڵانی تێیدابون، لەبەرئەوە لەو کاتە زیاتر لە زاکیرە و سینەدا هەڵگیراوە)(نولدکە، 2000، ج2/ 239)، بەهەمان شێوە(ریجس بلاشیر)دەڵێت: (بەپێویست نەدەزانرا لەقۆناغی مەککەدا قورئان بنوسنەوە، بۆیە تا کۆچیان نەکرد بۆ مەدینە قورئان نەنوسرایەوە)(بلاشیر، 1974، 29).

## 2-2: وەڵامی گۆمانی یەکەم:

یەکەم: بەڵگەی قورئان و فەرمودە لەسەر نوسینەوەی تەواوی قورئان هەم لەمەککە و هەم لەمەدینە، بەڵگەی قورئانی یەکەمین سورەت هاتۆتە خوارەوە بریتیبو لە سورەتی(العلق، الایات 1-5)، (موریس بۆکای)[iv]، دەڵێت: (ستایشکردنی پێنوس بەو پێیەی هۆکارێکی مرۆییە بۆ نوسین و زانیاری، لێرەوە بایەخدانی پێغەمبەر(د.خ) بەپاراستنی قورئان بەنوسراوەیی تێدەگەین)(بوکایی، 2016، 211-212)، هەروەها سێ سورەتی تر ئاماژە بەنوسراوی قورئان دەدەن بەر لەکۆچی بۆ مەدینە، بەنمونە دەفەرموێ (كَلَّا إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ﴿١١﴾ فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ ﴿١٢﴾ فِي صُحُفٍ مُكَرَّمَةٍ ﴿١٣﴾ مَرْفُوعَةٍ مُطَهَّرَةٍ ﴿١٤﴾ بِأَيْدِي سَفَرَةٍ ﴿١٥﴾ كِرَامٍ بَرَرَةٍ ﴿١٦﴾ (عبس، الایات 11-16)، دەفەرموێ (إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ (٧٧) فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ (٧٨) لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ (٧٩) تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٨٠ ) (الواقعة، الایات77-80)، هەروەها دەفەرموێ (وَقَالُوا أَساطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا)(الفرقان، أیة5)، ئەم ئایەتانە باس لەنوسینەوەوەی قورئان دەکەن هەر لەقۆناغی مەککیەوە، تەنانەت ئایەتەکەی کۆتای مەبەست لێی ئاماژەکردنە بۆ ئەو تۆمەتانەی دوژمنانی پێغەمبەر(د.خ) بەدرۆ و بانگەشە ئاراستەیان دەکرد، وایان بڵاودەکردەوە گوایە ئەفسانەی پێشینانەو بەسەریاندا دەخوێنێتەوە و ئەوانیش دەیاننوسییەوە، بابەتەکە هەر شتێک بێت ئایەتەکە ئاماژەیە بەتۆمارکرنی بەنوسین دەکات، تەنانەت

نەیارانی موحەممەدیش ئاماژەیان پێکردوە، هەروەها یەکەمین سورەتیش لەمەدینە سورەتی (البقرة) بوە دوەمین ئایەتی کە دەفەرموێ (ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ) (البقرة، أية 2)، کیتاب ئاماژەیە بۆ شتی نوسراو.

بەڵگەی فەرمودە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ(أن رسول من نهى...)، (أن لايمس القران الا الطاهر) ئاماژەیە بۆ قورئانێکی بەرجەستەی نوسراو(ابن ابی داود، 2011، 9)، هەروەها دەفەرموێ (لا تكتبوا عني شيئا غير القرأن...)، واتە هیچ شتێک لەمنەوە مەنوسن تەها قورئان نەبێ(المجلسي، 1983، 401/30).

**دوەم:** کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) دیاریکراو بوە، ئەویش زیاتر هەڵگرتن و کۆکردنەوە بوە لەسینگدا و لەبەرکردن بوە، لەم بارەوە قورئان دەفەرموێ (ان علينا جمعه وقرأنه)(القيامة، أية17)، ئەم قورئانە هەر لەسەرەتاوە هەڵگیراوە لەسینگی پێغەمبەر(د.خ)، دواتر لەسنگی هاوەڵاندا، (ڕاغب ئەسفەهانی) دەڵێت: (قورئان خۆی بەواتای کۆکردنەوەیە)(الاسفهاني، 1414ه، 72)، بۆیە ئەو بانگەشەی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەربارەی لەبەرنەکردن و نوسینەوەی قورئان لەقۆناغی مەککیدا سەر لەبەری گومان دروستکردن و چەواشەکارییە.

سێیەم: بەشێک لەڕۆژهەڵاتناسە میانڕەوەکان ئاماژە بەنوسینەوەی قورئان دەکەن لەهەر لەسەرەتای دابەزینیەوە، لەوانە: (موریس بۆکای، بۆدلی، گۆستاڤ لۆبۆن...هتد)، لەم بارەوە(بۆدلی)[v]، دەڵێت: (قورئان ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ هاتنە خوارەوەی دەنوسرایەوە بەسەرپەرشتی موحەممەد، لەپێستە و ئێسک و گەڵای دارخورما، هەروەها سورەت و ئایەتەکان لەبەردەکران، کە ئەمەش تەواو جیاواز بون لەتەورات(عهد القديم)و ئینجیل (عهد الجديد)، چونکە ئەمانە بەسەدە یان دەیەها ساڵ لەدوای مردنی پێغەمبەرانیان دەنوسرانەوە) (بودلی، 1989، 8_9)، (گۆستاڤ لۆبۆن)[vi] دەڵێت: (کاتێک جبرائیل قورئانی بۆ موحەممەد دەهێنایە خوارەوە، ئەو قورئانە ڕاستەوخۆ دەنوسرایەوە) (لوبون، 2012، 121؛ بۆکای، 2016، 214-215؛ حسن، 2014، 523-524)، لێرەدا جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لەنێوان بۆچونی ڕۆژهەڵاتناسە توندڕەوەکانی وەک (نۆڵدکە و بلاشێر) لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسە میانڕەوەکان لەسەر بابەتی نوسینەوە و کۆکردنەوەی قورئان.

چوارەم: هۆکاری موسڵمان بونی عومەری کوڕی خەتاب دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایەتە نوسراوانەی کە لەماڵی فاتیمەی خوشکیدا دۆزیەوە(ابن هشام، 1990، 371/1-372)، کاتێک ئایەتە نوسراوەکانی بینی، کە پێکهاتبو لە پارچەیەکی نوسراو لەسورەتی (طه) و(التكوير) خوێندیەوە تێڕوانینی بەرانبەر ئیسلام گۆڕاو موسڵمان بوە (ابن اسحاق، 2004، 221/1-222؛ دراز، 1984، 35)، ئەمەش بەڵگەی گرنگە لەسەر نوسینەوەی

قورئان لەسەردەمی مەککیدا، بەپێی لێکدانەوەی سەرچاوەکان نزیکەی (43)نوسەری وەحی هەبوە لەمەککە و مەدینە (شاهین، 2007، 97).

## 3-2: گومانی دوەم:

زۆرێک لەڕۆژهەڵاتناسەکان گومان دەخە سەر ڕێژەی قورئانلەبەران و ڕێژەکەیان زۆر بەکەم دیاری دەکەن، لەوانە (بلاشیر) دەڵێت: (حەوت کەس لەهاوەڵان قورئانیان لەبەربوە، ئەوانیش عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود[vii]، سالم مەولای ئەبو حوزەیفە، مەعازی کوڕی جەبەل، زەیدی کوڕی سابت، ئوبەی کوڕی کەعب[viii]، ئەبو زەید، ئەبو دەرداء)، هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (شیفاللی) دەڵێت تەنها دو کەس قورئانیان لەبەربوە (بلاشیر، 1958، 28)، (تیۆدۆر نۆڵدکە)ش پێیوایە ڕێژەکەیان لەنێوان چوار بۆ حەوت کەس بوە)(نولدکە، 2000، 240).

## 4-2: وەڵامی گومانی دوەم:

یەکەم: کاتێک قورئان دادەبەزی، پێغەمبەر(د.خ) دەیخوێندەوە بۆ هاوەڵانی بۆ ئەوەی لەبەری‌بکەن و لێی تێبگەن، موژدەی گەورەی دابو بە قورئانلەبەران (الاجري، د.س، 36-40)، هەروەها دەیفەرمو دە ئایەت لەبەربکەن و کاری پێبکەن، دواتر ئایەتەکانی تر بەهەمان شێوە، لەبەرئەوە هاوەڵان خەمی گەورەیان لەبەرکردنی قورئان بو، لەم پێناوەشدا  پێشبڕکێیان دەکرد، شانازیان دەکرد بە لەبەرکردنی قورئان، هەر لەبەرئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆر قورئانلەبەر هەبون(الذهبي، 1988، 24-61)، لەوانە لەمەککەییەکان (چوار خەلیفەی ڕاشیدی، حوزەیفە، سالم، ئیبن مەسعود، ئیبن عەباس، ئیبن عومەر، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس و باوکیشی، تەڵحە، سەعد، زوبیر، ئیبن زوبێر، معاویە، ئەبو هورەیرە....هتد) (ابو شامة، 2003، 54-55)، لەخەڵکی مەدینەش (زەید، مەعاز، ئوبەی، ئەبو دەرداء، ئەبو زەید، ئەبو ئەیوبی ئەنصاری...هتد) تەنانەت لەخێزانەکانی پێغەمبەر(د.خ) (عائیشە و حەفصە و ئوم سەلمە) قورئانیان لەبەربوە(ابن جزری، 1345ه، ج6/1؛ ابي شامة، 2003، 54-55).

دوەم: سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەڕوداوی(بئر معونه)[ix] نزیکەی(٧٠) کەس لەوانەی قورئانیان لەبەربوە کوژراون(البخاري، 1417، 5/41-42)، لەشەڕی(حەدیقە ئەلمەوت)[x] لەگەڵ هەڵگەڕاوەکان(500 بۆ 600) کەس لەقورئان لەبەران کوژراون(ابن جزری، 1345ه، 7؛ الزركشي، 1984، 1/233)، هەرچەندە مێژونوسان هاوڕانین لەسەر ڕێژەی ئەو قوربانیانەی کە قورئانیان لەبەربوە، دەگونجێ ئەم ڕێژەیە زیادەڕۆی تێدا کرابێت، بەڵام بەڵگەشە لەسەر زۆری قورئان لەبەران لەو قۆناغەدا.

سێیەم: لای هەموان ئاشکرایە کە عەرەبەکان لەو سەردەمدا لە لوتکەی ڕەوانبێژی و زمانەوانیدا بون، بەشێکی گرنگی ڕەوانبێژی عەرەب بریتیبو لە لەبەرکردن و لەم ڕوەوە زۆر لێهاتوبون، تەنانەت جگە لەقورئان هیچ نوسراوێک لەناویاندا نەبوە و زۆربەی شیعرەکانی سەردەمی جاهیلیان لەبەرکردوە (الزرقاني، 1995، 1/ 1238–239)، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەیان نەخوێندەوار بون، بەڵام تواناى لەبەرکردنیان زۆر باش بوە، قورئانیش بەو پێیەی زۆر دەخوێنرا و دوبارەدەبۆوە بۆیە لەبەرکردنی بۆ ئەوان زۆر ئاسان بوە(النجار، 1992، 51)، قورئان لەشێواز و پێکهاتەکەیدا شاز و ناوازەیە لەڕوی داڕشتن و ڕەوانبێژی و کاریگەری و ئاسانی بۆ لەبەرکردن، لەهەمان کاتدا ئارەزویەکی زۆریش هەبو بۆ لەبەرکردنی بۆیە بەم زۆریە قورئان لەبەر هەبو.

چوارەم: زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ کرکردنەوەی قورئان دەکەن لەلایەن هاوەڵان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ)، ئەوان تەواوی قورئانیان لای خۆیان پاراستبو، بەڵام لە دو توێی کتێبدا نەبوە، سورەتەکانی بەم شێوەیەی ئێستا ڕێکنەخرابون، بەقسەی (بوخاری) چوار کەس خاوەنی نوسینەوەو پاراستنی تەواوی قورئان بون ئەوانیش (ئوبەی کوڕی کەعب، زەیدی کوڕی سابت، مەعازی کوڕی جەبەل، ئەبو زەید)(البخاري، 1417، 5/41–42)، (ئیبن سعد) دەڵێت: (ئەبو دەرداء، زەید، مەعاز، ئەبو زەید، قورئانیان لای خۆیان هەڵگرتبو) (ابن سعد، 2001، 2/306؛الباقلاني، 2001، 197)، (سیوتی): دەڵێت پێنج کەس قورئانیان پاراستبو لای خۆیان ئەوانیش (معاز، ئوبەی، عوبادەی کوڕی صامت، ئەبو دەرداء، ئەبو ئەیوبی ئەنصاری)(السیوطي، 2008، 202)، کۆکردنەوەی قورئان و پاراستنی لای خۆیان، لەو کاتەدا ئارەزویەکی خودی بوە، نەک بەجێگەیاندنی فەرمانێک، لەهەمان کاتدا هیچ ڕێگرییەکیش لەبەردەمیان نەبوە بۆ ئەو کارە.

## 2–5: تایبەتمەندییەکانی کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) ئەمانەن:

1_ قورئان نوسراوەتەوە بەسەرپەرشتی پێغەمبەر(د.خ)، بەڵام لەچوارچێوەی دوتوێی یەک کتێبدا کۆنەکراوەتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو بارودۆخ و تایبەتمەندییەی ئەو سەردەمەوە(النجار، 1992، 38–40).

2_ بەشێوازێک نوسرابۆوە کە خوێنەرانی لەسەر شێوازی (حروف السبعة) دەیانخوێندەوە، ئەو شێوازەی پێی دابەزیبو، بەواتا ئەو حەوت شێوەزارەی کە لەناو عەرەبدا هەبوە، هەموشیان لەناو شێوەزاری قوڕیشدا کۆببونەوە(مسلم، 1994، 3/163؛ السخاوي، 1997، 158).

3_ بەشێک لە هاوەڵان قورئانیان دەنوسیەوەو لای خۆیان دەیانپاراست(باقلانی، 2001، 64؛ الزرقاني، 1995، 1/237)، واتە قورئان کۆکرابۆوە و پارێزرابو لای بەشێک لەهاوەڵان، بەڵام ئەمە کارێکی بە کۆمەڵ و فەرمی نەبوە، بەڵکو تەنها ئارەزویەکی خودی بوە.

## 3- تەوەرەی دوەم: کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی ئەبوبەکردا (11-13ه) و ڕای ڕۆژهەلاتناسەکان.

لەدوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ)، زۆرێک لەهۆزە عەرەبەکانی نیمچەدورگەی عەرەبی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، لەبەرئەوە خەلیفە ئەبۆبەکری صدیق شەڕی لەگەڵ کردن، یەکێک لەو شەڕانە، کە شەڕی یەکلاکەرەوە بو بریتیبو لەشەڕی (حەدیقە ئەلمەوت) لەدژی موسەیلەمە بو، لەگەڵ ئەوەی موسڵمانان سەرکەوتن لە شەڕەکەدا بەلام نزیکەی (500) کەس بەگێڕانەوەیەکی تر (600) کەس لە قورئانلەبەران کوژران (ابن جزري، 1345ه، 7؛ ابن كثير، 1416، 58)، ئەم ڕوداوە ترسی لای عومەری کوڕی خەتاب(23ک_644ز) دروستکردو، لەم بارەوە ڕاوێژی لەگەڵ خەلیفە کرد بۆ کۆکردنەوەی قورئان، سەرەتا خەلیفە ڕازی نەبو، چونکە پێغەمبەر (د.خ) ئەو کارەی نەکردوە (اليعقوبى، 1995، 135/2؛ السيوطي، 2008، 129)، بەلام عومەر جەختی دەکردەوە لەسەر پێویستی ئەو کارەو دەیگوت خێری تێدایە، بۆیە خەلیفە ئەبوبەکر بڕیاریدا بە کۆکردنەوەی قورئان و بۆ ئەم کارەش (زەیدی کوڕی سابت) دیاریکرا (ابن حنبل، 1954، ج56/1؛ ابن حجر، 1348، 10/8).

هۆکاری هەڵبژاردنی زەید بۆ ئەم کارە ئەمانەبون، زەید گەنجێکی ژیر و زیرەک و لێهاتو بوە و توانیویەتی بە ماوەی حەڤدە ڕۆژ فێری زمانی سریانی ببێت، ڕاستگۆ و دەستپاک بوە، لە نوسەرانی وەحی بوە، قورئانی لەبەربوە زۆر شارەزایی بابەتە قورئانییەکان بوە (ابن ابی داود، 2011، 7)، زەید لەبەرانبەر ڕاسپاردنی بۆ ئەم کارە دەڵێت ئەگەر داوام لێکرابایە بۆ گواستنەوەی ئەو شاخە بەشان پێم ئاسانتر بوە لە کۆکردنەوەی قورئان، لەبەرئەوەی پێغەمبەر(د.خ) ئەم کارەی نەکردوە(ابن حنبل، 1954، ج77/1؛ السيوطي، 2008، 129).

خەلیفە ئەبوبەکر (عومەر و زەیدی)ڕاسپارد بۆ نوسینەوەی هەر ئایەتێک دەبێت جگە لەدەقە نوسراوەکانی بەردەستیان، دەبێت دو شاهیدی قورئانلەبەریش ئامادەبن، واتە بەراورد بکرێت لەنێوان دەقە نوسراوەکان و قورئانلەبەرەکان، بۆ نوسینەوەی قورئانیش پشتیان بەهەردو لا دەبەست (ابن ابی داود، 2011، ج1م169؛ ابی شامة، 2003، 63)، بەم شێوەیە قورئان لەچوارچێوەی دوتوێی یەک بەرگدا کۆکرایەوە و تەسلیمی خەلیفەیان کرد(البخاري، 1411ه، ج1907/5؛ الباقلاني، 2001، 64)، لەدوای مردنی ئەبوبەکر ئەم قورئانە گواسترایەوە لای خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب و دوای مردنی ئەویش درایە حەفصەی خێزانی پێغەمبەر (د.خ)(ابی عبید، د.س، 281؛ ابن جزری، 1345ه، 7؛ دراز، 1984، 37).

ڕۆژهەلاتناسەکان لەم قۆناغەشدا چەندین گومانیان دروستکردوە، لێرەدا گومانەکانیان دابەشدەکرێت بۆ چەند بەشێک کە ئەمانەن:

## 3-1: گومانی یەکەم:

ڕۆژهەڵاتناسەکان پێیانوایە کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر بەمەبەستی پاککردنەوە بوە، لەم ڕووەوە (بلاشیر) دەڵێت: (قورئان بەمەبەستی پاککردنەوە کۆکراوەتەوە)(بلاشیر، 1958، 32-33)، (نۆڵدکە) بەشێوازێکی ئەم بابەتە دەردەبڕێت و دەڵێت: (کۆکردنەوەی قورئان لەدوای وەفاتی موحەمەد زۆر ناڕوون و پەرش وبلاوبوە)(نولدکە، 2000، ج256/2)، لێرەدا مەبەستیانە بڵێن نوسینەوەی قورئان کاری مرۆڤ و کاری مرۆڤیش بەدەر نییە لە کەموکورتی و زیادەڕۆیی(رضوان، 1992، 435/1)، هەردو ڕۆژهەڵاتناسی ناوبراو زۆر مەبەستیانە گومان و لێڵی بخەنە سەر کۆکردنەوەی قورئان بەتایبەت لەدوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ)، چونکە وای دەبینن لەم ڕێگەیەوە ئامانجەکەیان دەپێکن.

## 3-2: وەڵامی گومانی یەکەم:

یەکەم: ڕۆژهەڵاتناسەکان تێناگەن یان نەیان ویستوە تێبگەن یان ویستویانە گومان دروستبکەن، لەوەی قورئان بەدەرە لەهەر کەم و کورتی و زیادەڕۆییەک، چونکە خودا خۆی بەڵێنی پاراستنی داوە لە هەڵە و کەموکورتی و زیادەڕۆیی، لەم بارەوە قورئان دەفەرموێ (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) (الحجر، اية 9)، هەروەها دەفەرموێ (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالذِّكْرِ لَمَّا جَاءَهُمْ وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ (٤٢) لا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ (٤٣)(الفصلت، الايات 42-43)، قورئان لێرەدا باسی ئەوە دەکات، کە خودا خۆی پارێزگاری لێدەکات لەهەر زیادکردن و کەمکردن و گۆڕانکاریەک، هەتا ڕۆژی کۆتایش بەم شێوەیە دەمێنێتەوە.

دوەم: ڕۆژهەڵاتناسەکان هەمان مامەڵەی ئینجیلەکان لەگەڵ قورئان دەکەن، چونکە ئینجیلەکان بەچەند قۆناغێک پاککراونەوە، ئینجیلەکان لەسەردەمی عیسا نەنوسراونەوە، نوسینەوەیان بۆ دەیان ساڵ لەدوای نەمانی عیسا دەگەڕێنەوە(بوكایی، 2016، 211)، بەڵام ئەم پرسە بەنسبەت قورئان زۆر جیاوازە، چونکە هەر لەگەڵ هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان دەنوسرانەوە، دواتریش لەگەڵ مردنی پێغەمبەر(د.خ) هاوەڵان قورئانیان کۆکردەوە، کەواتا هەر لە سەرتاوە قورئان تەواوی ڕەگەزەکانی ڕاست و دروستیان هەبوە، کە ئینجیلەکان نەیانبوە(بوكایی، 2016، 211-212؛ حسن، 2014، 523).

## 3-3: **گومانی دوەم:**

ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆرترین گومانیان دروستکردوە لەسەر کات و ئەو کەسانەی هەستاون بە کۆکردنەوەی قورئان، لەم بارەوە(بلاشێر) پێیوایە قورئان لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر دەستیپێکردوە لەسەردەمی خەلیفە

عومەر کۆتایی هاتوە، یان تەنانەت خەلیفە عومەر خۆی کۆکردۆتەوە(بلاشیر، 1958، 33-34)، (نۆلدکە) دەڵێت: (سێ جۆر گێڕانەوە هەیە دەربارەی کۆکردنەوەی قورئان لەو قۆناغەدا، یەکەمیان لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر کۆکراوەتەوە، ڕای دوەم ئەوەیە خەلیفەی عومەر لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا کارەکانی کۆتایی پێهێناوە، ڕایی سێیەم ئەوەیە لەسەردەمی ئەبوبەکر دەستی پێکردوە و لەسەردەمی خەلیفە عوسمان کۆتایی هاتوە(نولدکە، 2000، ج2/252 ).

## 4-3: وەڵامی گومانی دوەم:

یەکەم: تەواوی کۆدەنگی زانایان و مێژونوسان و سەرچاوە ڕەسەنەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە نوسینەوە و کۆکردنەوەی قورئان لەسێ قۆناغ یان سەردەمدا بوە، وەک ئەوەی لەپێشوی ئەم بەشەدا باسکراوە، ئەوانیش سەردەمی (پێغەمبەر(د.خ)، خەلیفە ئەبوبەکر، خەلیفە عوسمان)دا بوە (ابن سعد، 2001، 306/2-312؛ ابن ابی داود، 2011، 7-28؛ الزركشي، 1984، 234/1-240)، جگە لەم سێ قۆناغە هەرچی بگوترێ زیادەیەو لادانە لەڕاستی و دروستی ئەم بابەتە.

دوەم: ئەوانەی پێیانوایە عومەر هەمەکارە بوە هەر لەسەردەمی ئەویشدا تەواو بوە، بەتەواوی کەوتونەتە هەڵەوە چونکە تا ئەبوبەکر ڕازی نەبو کەس کارێکی لەو جۆرەی نەکردوە(الزرقاني، 1995، ج206/1)، خودی خەلیفەی یەکەم سەرپەرشتیاری گشتی کۆکردنەوەکەی دەکرد، هەر لەسەردەمی خۆشیدا کارەکانی کۆکردنەوەی قورئان تەواو بو، لیژەکە قورئانە کۆکراوەکەیان تەسلیمی ئەویان کرد (السیوطي، 2008، 129؛ محسین، 1402، 134-135)، دوای مردنی خەلیفەی یەکەم ئەم قورئانەش گواسترایەوە لای خەلیفەی دوەم(البخاري، 1417، 1085/5؛ ابن كثير، 1416ه، 65)، بۆیە بۆچونی ڕۆژهەڵاتناسەکان لەم بارەوە بە نادروست دادەنرێت.

سێیەم: بەشێکی تر لەڕۆژهەڵاتناسەکان پێیانوایە کە عەلی کوڕی ئەبوتالیب(40ک_661ز) قورئانی کۆکردۆتەوە، ئەم بۆچونەیان زیاتر پشت بەستوە بەکەمێک لەسەرچاوە شیعییەکان(ابن الندیم، 2009، مج70/1؛ الكاشاني، 1430، ج560/3-561؛ معرفة، 1396ه، ج241/1)، کەپێیانوایە عەلی هەر لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)و بەچاودێری ئەو قورئانی کۆردۆتەوە و لەلای خۆی پاراستویەتی(نولدکە، 2000، 243)، لەڕاستیدا ئەم بۆچونەش هیچ بەڵگەیەکی مێژوی نییە و خودی عەلی دەربارەی کۆکردنەوەی قورئان لەلایەن ئەبوبەکرەوە گوتویەتی: (ڕەحمەتی خودا لەئەبوبەکر چونکە یەکەمین کەس بوە قورئانی کۆکردۆتەوە و زۆرترین خەڵک لێی سودمەند بوە)(ابن كثير، 1416ه، 57)، بەقسەی زەیدی کوڕی سابت کارەکانی کۆکردەنەوەی قورئان بەڕاوێژی تەواوی هاوەڵان بوە بەتایبەت عەلی کوڕی ئەبوتالیب(الزركشي، 1984،

241/1)، دەگوترێت عەلی قورئانی لەسینگیدا کۆکردبۆوە نەک بەنوسین لەدوتوێی کتێبێکدا، ئەگەر عەلی قورئانی کۆکردبێتەوە و لای پارێزرابێت دەبو خۆی ئاماژەی پێکردبایە و تەنانەت ڕەتیشی کردۆتەوە کە شتێکی لەو شێوەیە هەبێت(ابن ابی داود، 2011، 16).

چوارەم: ئەوانەی پێیانوایە قورئان تەنها لەسەردەمی خەلیفە عوسمان کۆکراوەتەوە توشی هەڵەیەکی مێژوی بون، چونکە لەسەردەمی خەلیفە عوسمان تەنها یەک نوسخە لەقورئان ئامادەکراو نوسخەکانی تر سوتێنران و بنەمای کارەکانی عوسمان لەسەر قورئانە کۆکراوەکەی سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر بوە(ابی عبید، د.س، 282؛ ابن حجر، 1348، 15/8)، بانگەشەی ڕۆژهەلاتناسەکان بۆ ئەوە بوە بڵێن کۆکردنەوەی قورئان زۆر دوای وەفاتی موحەممەد بوە و لەو ماوەیەشدا قورئان توشی گۆڕانکاری بوە، ئەوەش مەنهەجی بە بەردابڕینە کە ڕۆژهەلاتناسەکان پەیڕەوی دەکەن، ئەوەش یەکێکە لەو مەنهەجانەی کەڕۆژهەلاتناسەکان کاری لەسەر دەکەن، بۆچونی خۆیان دەسەپێنن بەسەر کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

## 3-5: گومانی سێیەم:

ڕۆژهەلاتناسەکان پێداگری لەسەر هۆکاری تایبەتی و کەسی دەکەنەوە لەلایەن ئەبوبەکر و عومەر لەسەر کۆکردنەوەی قورئان، (نۆڵدکە) دەڵێت: (کۆکردنەوەی قورئان لای دو خەلیفەکەی سەرەتا، لەشێوەی پرۆژەیەک تایبەت بوە و بە مەبەستی بەهێز بونی دەوڵەت بوە، هەروەها ئەم کۆکردنەوەیە بەدەرنەبو لەهۆکاری سیاسی و بنەماڵەی)(نولدكە، 2000، 255)، (بلاشێر)دەڵێت: (کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر تایبەتمەندی کەسی هەبوە)(بلاشیر، 1974، 30).

## 3-6: وەلامی گومانی سێیەم:

لەڕاستیدا خودی خەلیفە ئەبوبەکر لەسەرەتادا ڕازی نەبوە بەکۆکردنەوەی قورئان، بەڵام دواتر بەهۆی لەدەستدانی بەشێک لەقورئانلەبەران و مەترسی زیاتر لەداهاتودا و مەترسی لەدەستدانی شتێک لەپەڕاوەکان بڕیاری کۆکردنەوەی قورئانی دەرکرد(السخاوي، 1997، 162؛ السيوطي، 2008، 131)، (ئین کەسیر) دەربارەی کۆکردنەوەی قورئان دەڵێت: (لەبەر بەرژەوەندی گەورەی ئەم دینە شەیخان (ئەبوبەکر و عومەر)ە کتێبی خوایان لەیەک بەرگدا کۆکردەوە(ابن كثير، 1416، 64)، کەواتا هۆکاری کۆکردنەوەکە هەم دینی و هەمیش پارێزگاریکردن بوە لەقورئان، نەک هۆکاری کەسی وەک ئەوەی ڕۆژهەلاتناسەکان بانگەشەی بۆ دەکەن.

## 3-7: تایبەتمەندییەکانی کۆکردنەوەی قورئان لەم قۆناغەدا:

١_ هەمو قورئان کۆکرایەوە لەدوتوێی یەک بەرگدا(ابن ابی داود، 2011، 11/1).

٢_ ئایەت و سورەتە قورئانییەکانیان بەتەواوەتی ڕێکخست، وەک ئەوەی کە دابەزێنرابون بۆ پێغەمبەر (د.خ)(ابن کثیر، 1416ه، 64؛ النجار، 1992، 105).

٣_ بەو شێوازە قورئان نوسرایەوە کەپێ دابەزێنرابو، واتا بەشێوازی مەککی یان قوڕەیشی یان ئەوەی ناسراوە بە(حروفی السبعة)(البخاري، 1417، 1085/5؛ الخوئي، 1981، 178)، لە بەشی پێشوی ئەم توێژینەوەیە ڕونکردنەوەمان لەسەر ئەو شێوازە داوە.

## 4- تەوەرەی سێیەم: کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە عوسمان(23-35ک)و ڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان.

بەهۆی فراوان بونی جیهانی ئیسلامی بەهۆی پڕۆسەی فتوحاتەوە، خوێنەرانی قورئانیش زۆر بون، شێوازی خوێندنەوەکانیش جیاوازبون، خەڵکی شام لەسەر شێوازی خوێندنەوەی ئوبەی کوڕی کەعب دەیانخوێندەوە، خەڵکی کوفە لەسەر شێوازی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و خەڵکی بەسرا لەسەر شێوازی ئەبو موسای ئەشعەری دەیانخوێندەوە(البخاري، 1417، 1086/5؛ ابن خلدون، د.س، 567).

(حوزەیفەی کوڕی یەمان)[xi]، کاتێک ڕاسپێردرا بۆ فەتحکردنی ناوچەی ئەرمینیا و ئازەربایجان سوپاکەی پێکهاتبو لەخەڵکی عیراق و شام بینی خەڵکە بەشێوازی جیاواز لەیەکتری قورئانیان دەخوێند، لەبەر ئەم کارە بەپەلە خۆی گەیاندە لای خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان و بابەتەکەی بۆ ڕونکردەوە و داوای لێکرد بۆ ئەوەی وەک یەهودی و مەسیحیەکانیان لێنەیەت بەزۆترین کات چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە(ابی عبید، د.س، 282؛ ابن حجر، 1348، 14/8)، چونکە خودی حوزەیفە پێشتر یەهودی بوە و دواتر باوەڕی بەئیسلام هێناوە و شارەزایی باشی ئاینی یەهودی بوە وسیتویەتی ڕێ لەدوبارە بونەوەی ئەو فیتنەیە بگرێت(دی بریمار، 2009، 324)، هەرچەندە سەرچاوە ڕەسەنەکان باسی یەهودی بونی حوزەیفە ناکەن لە پێش مسوڵمان بونی، بەڵام بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بە یەهودی لەقەڵەمیان داوە، بەم شێوەیە خەلیفە ڕازی بو بەکۆکردەنەوەی قورئان لەیەک نوسخەدا و سوتاندنی سەرجەم نوسخەکانی تر، بۆ ئەم کارەش خەلیفە لیژنەیەکی پێکهێنا لە چوار یان دوانزە کەس و زەیدی کوڕی سابت کرایە سەرۆکی لیژنەکە(ابن حجر، 1348، 15/8؛ السخاوي، 1997، 164)، نوسخە کۆکراوەکەی سەردەمی ئەبوبەکر کە لای خاتو حەفصە هەڵگیرابو کرایە بنەمای کارکردنی بۆ دارشتنی نوسخە نوێیەکە(ابن ابی داود، 2011، 28؛ ابن خلدون، د.س، 567)، بەم شێوەیە قورئان کۆکرایەوە و سەرجەم نوسخەی قورئانەکان سوتێنران و کۆکراوەکەش گشتێنرا بەسەر شار و هەرێمەکاندا (الیعقوبي، 1995، 170/2؛ ابن کثیر، 1416ه، 78؛ سقار، 2015، 37).

ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆرترین گومانیان لەسەر ئەم قۆناغەی کۆکردنەوەی قورئان دروست کردوە، گومانەکانیشیان لەم بابەتانەی خوارەوەدا دەبینرێن:

## 4-1: گومانی یەکەم:

ڕۆژهەڵاتناسەکان پێداگری دەکەن لەسەر بابەتی سیاسی و ئەرستۆقراتی بونی کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا(23-35ک) و پێیانوایە عوسمان بەهۆکاری سیاسی قورئانی کۆکردۆتەوە، (ڕیجس بلاشیر) دەڵێت: (کۆکردنەوەی قورئان پاڵنەرێکی ئەرستۆقراتی هەبوە، دەڵێن لەبەرژەوەندی چینی دەوڵەمەندی مەککی بوە)(بلاشیر، 1958، 57-58)، (نۆڵدکە) بۆچونێکی جیاوازتری هەیە دەڵێت: (سێ لە ئەندامانی لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان خەڵکی مەککەو لە خزمانی نزیکی عوسمان بون، زەیدیش کە خەڵکی مەدینە بو لایەنگری ئەمەوییەکان بو، بەیعەتی بەعەلی نەدا)(نولدکە، 2000، ج2/285_286)، لێرەدا ئەم دو ڕۆژهەڵاتناسە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کۆکردنەوەی قورئان لەبەرژەوەندی چینی دەوڵەمەندانی مەککە و ئەمەوییەکان بو لەسەر حیسابی بنەماڵەی عەلی و هاشمیەکان.

## 4-2: وەڵامی گومانی یەکەم:

یەکەم: هۆکارەی یەکەم و کۆتایی لەبابەتی کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان بریتیبو لە جیاوازی خوێندنەوەی قورئان لەنێوان شار و هەرێمە موسڵمانەکان، وەک لەپێشتر باسکرا، ئەویش لەسەر پێشنیاری(حوزەیفەی یەمانی) بو، مەبەستیشیان ڕێگرتن بو لەبڵاوبونەوەی فیتنە بەهۆی جیاوازی خوێندنەوەی قورئان (البخاري، 1417، 1086/5؛ ابن خلدون، د.س، 567، الزركشي، 1984، 235/1-236)، نەک ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە ناویشیاندا نۆڵدکەو بلاشێر بانگەشەی بۆ دەکەن.

دوەم: بەهیچ شێوەیەک کارەکانی جێنشینانی پێغەمبەر(د.خ) بەتایبەت ڕاشیدییەکان، کاری تایبەت و کەسی نەبون، بۆ خزمەتی هۆزێک یان بنەماڵەیەک نەبون، بەڵکو تەواوی کارەکانیان بۆ مەبەستی گشتی و بەرژەوەندی گشتی بوە، بۆیە بابەتی کۆکردنەوەی قورئانیش بەڕاوێژ کراوە لەنێوان هاوەڵان، بەزۆرینەی ڕەهاش لەکارەکانی خەلیفە عوسمان ڕازیبون(السيوطي، 2008، 133؛ رضوان، 1992، 464/1)، لەم بارەوە پێشەوا عەلی دەڵێت: (ئەوەی عوسمان کردی لەسەر یەکخستنی قورئانەکان و سوتاندنی قورئانە جیاوازەکان کارێکی باش بو، ئەگەر منیش بامایە هەمان کارم دەکرد)(الزركشي، 1984، 240/1).

سێیەم: مێژو و هیچ کام لەسەرچاوەکان پێمان ناڵێن کە دەرەنجامی کۆکردنەوەی قورئان هەیمەنەکردنی بنەماڵەی ئومەوی بێت بەسەر بنەماڵەی عەلیدا، بەڵکو ئەوە سەپاندی ڕای ڕۆژهەڵاتناسەکانە بەسەر ئەم بابەتەدا، دەنا خەلیفە عوسمان بەهەڵبژاردن و وەک کەسێکی بەئەزمون و لەخواترس و خزمەتی زۆری

بەئیسلام کراوەتە خەلیفە، نەک وەک و ئەندامێکی بنەماڵەی ئومەوی، عەلی راستەوخۆ دوای عوسمان بۆتە خەلیفە، هەروەها قورئانی لەنزیکی سالآنی بیست و پێنجی کۆچی کۆکردۆتەوە، گەیشتی بنەماڵەی ئومەوی بۆ دەسەلآت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی چل و یەکی کۆچی، هەروەها خودی عەلیش بەکارەکانی عوسمان ڕازی بوە لەسەر کۆکردنەوەی قورئان(الزركشي، 1984، 235/1).

چوارەم: چواندنی کۆمەڵگای موسڵمان بە چینایەتی، جیاکردنەوەی چینی ئەرستۆقڕات لەچینەکانی تر هەڵەیەکی مێژوی و لۆژیکی و مەنهەجیە، چونکە لەکۆمەڵگا موسڵمانەکان بەتایبەت سەردەمی هاوەڵان بەهیچ شێوەیەک قبوڵی چینایەتیان نەکردوە لەنێوان دەسەلآتدار و بێدەسەلآت، لەنێوان عەرەب و غەیرە عەرەب بەڵکو لەئیسلامدا خەڵک وەک ددانەکانی شانە یەکسانن(رضوان، 1992، 466/1)، لەڕاستیدا ئەم جۆرە لێکداناوانە بریتییە لەفەرزکردنی بۆچونی ڕۆژهەلآتناسەکان بەسەر کۆمەڵگا موسڵمانەکان و لەقاڵبدانیەتی بەپێوەری ڕۆژئاوایی.

## 4-3: گومانی دوەم:

بابەتی پاکی لیژنەکە، ڕۆژهەلآتناسەکان پێیانوایە ئەو لیژنەیەی عوسمانی کوڕی عەفان پێکیهێنا بۆ کۆکردنەوەی قورئان وەک پێویست نەبون، لەم بارەوە ڕۆژهەلآتناسی ئەڵمانی (تیۆدۆر نۆڵدکە) دەڵێت (خەڵکانێکی شارەزاتر و لەپێشتر هەبو، بۆ ئەم کارە لە ئەندامانی لیژنەکە، بەنمونە (عەلی و ئیبن عومەر و ئیبن عباس)، لەوانەی دژی لیژنەکە بون (ئبین مەسعود و ئوبەی) بون، چونکە زۆر پێش زەید مسوڵمان بوە و خاوەنی توانایەکی زۆر بوە) (نولدکە، 2000، ج2/281-287)، هەروەها (ریجیس بلاشێر) دەڵێت: (چەندین کەس گومانیان لەئەندامانی لیژنەکە هەبو، چونکە سیانیان لەدەوڵەمەندانی مەککە بون، بۆیە ئەمانە بەهۆکاری تایبەت دانراون نەک لەبەر لێهاتویان) (بلاشير، 1958، 57-58).

## 4-4: وەلآمی گومانی دوەم:

یەکەم: بەشێک لەسەرچاوەکان دەڵێن لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە عوسمان چوار کەس بون ئەوانیش (زەیدی کوڕی سابت، عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر، سەعیدی کوڕی عاس، عەبدولڕەحمانی کوڕی هیشام)، جگە لەزەید ئەوانی تر خەڵکی مەککەو قورەیشی بون(ابي عبيد، د.س، 282؛ ابن كثير، 1416، 66؛ ابن حجر، 1348، 15/8)، زەید کەسێکی پاک و ڕاستگۆ بو و زاناترین کەس بوە لە فتوا و قەزاوەتدا، زۆریش شارەزای قورئان و پێشریش نوسەری وەحی و خاوەنی نوسینەوە و کۆکردەوەی قورئان بو لەسەردەی خەلیفەی یەکەم(ابن سعد، 2001، 311/2)، ئیبن زوبێر قورئانی بەجوانی لەبەربوە زۆر ژیر و زیرەک و لەخواترس بوە، سەعیدی کوڕی عاس یەکێک بوە لەڕەوانبێژترین پیاوی عەرەب و شێوازی

قسەكردنی و تۆنی دەنگی زۆر لەهی پێغەمبەر(د.خ) چوە، هەروەها عەبدولڕەحمانی كوری هیشام قورئانلەبەر و لێهاتو بوە(الزركشي، 1984، 1/236-237؛ رضوان، 1992، 1/468-469).

بەشێك لەسەرچاوەكان دەڵێن لیژنەكە لە دوانزە كەس پێكهاتون، یان بەلایەنی كەمەوە كۆمەڵە كەسانێكی تری شارەزا هاوكاری لیژنەكە بون وەك(ئوبەی كوڕی كەعب، مەعازی كوڕی جەبەل، عەبدوڵڵای كوڕی عەباس، ئەنەسی كوڕی مالیك، مالیكی كوڕی عامر...هتد)، خودی خەلیفە سەرپەرشتی كارەكانی دەكرد(ابي شامە، 2003، 74؛ ابن كثير، 1416، 84-85؛ السيوطي، 2008، 132)، دیارە ئەمانە بەگشتی لەهاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەر(د.خ) بون و كەسانی پاك و ڕاستگۆ و لێهاتو بون، هیچ كەس گومانی لەوانە نەكردوە، جگە لەڕۆژئاواییەكان، ئەوانیش مەبەستیانە ڕاستیەكان بشێوێن و گومان بۆ هەمو شتێك دروست بكەن.

دوەم: خەلیفە عوسمان(23-35ك) داوای لە لیژنەكە كرد بۆ ئەوەی قورئان لەسەر شێوەزاری مەككی یان ئەوەی ناسراوە بە(حروفى السبعة)بنوسن(ابو شبهة، 2003، 277)، چونكە قورئان بەم شێوازە دابەزیوە، بۆیە سێ لەئەندامانی لیژنەی لەخەڵك مەككە پێكهێنا، خەلیفە فەرمانیپێكردن ئەگەر لەسەر بابەتێك هاوڕانەبون ئەوا پرس بەخەڵكانی تر بكەن، بەڵام بەتەواوی قورئان لەسەر یەك وشە هاوڕانەبون، ئەویش زەید نوسیبوی(تابوة) چونكە ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا عەرەبی نەبو، بەڵام لیژنەكە كردیانە(تابوت) بەشێوازی مەككی دایانڕشتەوە(ابي شامة، 2011، 88؛ المطيرى، 2015، 11).

سێیەم: بۆچونی ڕۆژهەڵاتناسەكان بەوەی خەڵكانێك هەبوە لە زەید شیاوتر بۆ ئەم كارە، لە گومان دروست كردنێك زیاتر نییە لەسەر زەید، قسەی زانایان و سەرچاوەكان لەسەر ئەوە نییە كێ شیاوترینە، هیچ كەسێك حەقی بە خۆی نەداوە ئەو بەراوردكارییە بكە، بەڵكو قسە لەسەر ئەوە زەید كەسێكی زۆر شیاو ولێهاتو بوە، جێ متمانەی پێغەمبەر(د.خ) و خەلیفە ئەبوبەكر و عومەر و عوسمان و تەواوی هاوەڵان بوە(ابن سعد، 2001، 2/311؛ ابن الاثير، 1970، 2/126-127؛ الذهبي، 1988، 37).

چوارەم: بەچاوخشانەوە بەسەرچاوە ڕەسەنەكاندا هیچ ناڕەزاییەكی هاوەڵان نابینی دژی كۆكردنەوەی قورئان لەلایەن خەلیفە عوسمان، تەنها بەشێك لەسەرچاوە شیعەكان نەبێت(كاشاني، 1430ه، ج2/260-270؛ الدارابي، 1432ه، ج3/329-332؛ معرفة، 1396، 290-292؛ الشهرستاني، 1435، ج2/247-249)، كە باس لەناڕەزایەتی چەند هاوەڵێك دەكەن بەرانبەر بەم كارەی خەلیفە عوسمان، چونكە هاوەڵان دەستیان گرتوە بەسونەتەكانی پێغەمبەر(د.خ)، خودی پێغەمبەر(د.خ) ڕێنمونی هاوەڵان دەكات لەسەر گوێڕایەڵی جێنشینانی، وەك دەفەرموێ (عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين من بعدي)(الترمزي، 1976، 5/44).

پێنجەم: عەلی کوڕی ئەبوتالیب بەهیچ شێوەیەک ناڕەزا نەبوە بەرانبەر بەکۆکردنەوەی قورئان، چونکە خەلیفە عوسمان بە ڕاوێژ لەگەڵ عەلی ئەو کارەی کردوە(ابي شامة، 2003، 67)، مێژو هیچ هەڵوێستێکی ناڕەزای ئەومان بۆ ناخاتەڕو، تەنانەت فەرمویەتی(عوسمانی کارێکی زۆر باش و خێری کردوە، بەهۆی کۆکردنەوەی قورئانە)(ابن شبة، د.س، 996/3؛ سقار، 2015، 37)، هەرچەندە بەشێک لەسەرچاوە شیعەکان دەڵێن ئیمامی عەلی یەکەمین کەس دوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) قورئانی کۆکردۆتەوە، لەم بارەوە دەڵێن پێشەوا عەلی دوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەماڵەوە نەهاتۆتە دەرەوە تا قورئانی کۆنەکردۆتەوە، هەم لە دڵیدا و هەمیش لەبەرگێکدا و لای کوڕەکەی حەسەن و دواتریش لای بنەماڵەی جەعفەر هەڵگیراوە((ابن النديم، 2009، مج70/1؛ المجلسي، 1983، ج88/89-90؛ معرفة، 1396ه، ج225/1-226)، عەقڵ و لۆژیک ئەوەمان پێدەڵێت کە(عەلی کوڕی ئەبوتالیب) لەسەر ئەو قورئانە ڕۆیشتوە کە عوسمان کۆیکردۆتەوە، نەک لەسەر ئەو قورئانەی کەخۆی نوسینەوە و کۆکردنەوەی بۆ کردوە، وەک بەشێک لە سەرچاوە شیعەکان و ڕۆژئاواییەکان ئاماژەی پێدەکەن.

(ئوبەی کوڕی کەعب)، کە(نۆڵدکە) بەناڕازی دیاری کردوە، لەڕاستیدا خۆی بەشێک بوە لە لیژنەکە یان بەلایەنی کەمەوە هاریکار بوە بۆ کۆکردنەوەی قورئان و بۆیە ناکرێت بخرێتە ناو کەسانی ناڕازی و هیچ ئاماژەیەکیش لەبەر دەستدا نییە لەسەر ناڕەزایەتی ئوبەی بەرانبەر بەکۆکردنەوەی قورئان(ابن كثير، 1416، 84-85)، هەرچی (عەبدوڵلای کوڕی مەسعود)یشە ناڕازی نەبوە، لەکۆکردنەوەی قورئان بەڵکو خۆی ناڕازی بوە بەوەی ئەو نەکراوەتە ئەندامی لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان، چونکە لەموسڵمانە سەرەتاییەکان بوە قورئانی لەبەربوە زۆر شارەزای بابەتە قورئانیەکان بوە، دەڵێت ئاگاداری هاتنە خوارەوەی نزیکەی حەفتا سوڕەتی قورئان بوم (ابن ابى داود، 2011، 25)، خاوەنی نوسخەیەکی قورئان بوە کەخۆی کۆیکردۆتەوە و نوسیویەتیەوە، بەڵام دەگوترێت هۆکاری هەڵنەبژاردنی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود بەهۆی دوریەوە بوە لەمەدینە و هەروەها بەهۆی کارەکەشیەوە، چونکە ئەوکاتە ئەو لەشاری کوفە بوە سەرقاڵی کاری قەزاوەتی ئەو شارە بوە(رضوان، 1992، 474/1).

شەشەم: لەکاتی سوتاندنی نوسخەکانی قورئان لەلایەن خەلیفە عوسمانەوە، هیچ کام لەهاوەڵان ناڕەزایەتیان بەرانبەر بەو کارەی دەرنەبڕیوە و بە پێچەوانەشەوە زۆر لەو کارەی خەلیفە ڕازی بون (ابن ابى داود، 2011، 18؛ الابياري، 1991، 112-113).

## 4-5: گومانی سێیەم:

بلاشێر و نۆڵدکە جارێکی تر گومان دەخەنەوە سەر کارەکانی لیژنەکە و بەهەرەکی و نامەنهەجی لەقەڵەمی دەدەن، (بلاشێر) دەڵێت: (مەنهەجی لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان زۆر ڕون و دەقیق نەبوە، بەڵکو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بوە) (بلاشیر، 1958، 79)، هەروەها (نۆڵدکە) دەڵێت: (هیچ زانیارییەک نییە لەسەر چۆنیەتی یارمەتیدانی زەید لەلایەن ئەندامە مەکەییەکان، یان زەید خۆی کارەکەی بەتەنها کردبێت)(نولدکە، 2000، ج2/289–290).

## 6-4: وەڵامی گومانی سێیەم:

مەنهەجی لیژنەکە زۆر ڕون و دەقیق بوە، تەنانەت دەگوترێ ئەو شێوازەی خەلیفە عوسمان پەیڕەوی کرد بۆ کۆکردنەوەی قورئان زۆر لەمەنهەجی زانستی ئەم سەردەمە دەچو، لەبەر:

یەکەم: خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان بەڕاوێژکردن لیژنەیەکی هەڵبژارد لەخەڵکانی لێهاتو و بەئەزمون و قورئان لەبەر و شارەزا لەبابەتەکانی تایبەت بەقورئان و هەروەها شارەزا لە ڕەوانبێژی و زمانەوانی (ابن کثیر، 1416، 66).

دوەم: پشت بەستن بەنوسخە کۆکراوەکەی سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر، کە بەسەرپەرشتی (عومەری کوڕی خەتاب و زەیدی کوڕی سابت) کۆکرابۆوە، لەلایەن خاتو (حەفصەی خێزانی پێغەمبەر(د.خ)) هەڵگیرا بو(ابی عبید، د.س، 281؛ السیوطي، 2008، 133).

سێیەم: نوسینەوەی قورئان لەسەر شێوەزاری مەککی ئەو شێوازەی قورئانی پێدابەزیبو(البخاري، 1417، 5، 1085)، بۆیە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکە لەخەڵکی مەککە دیاری کرابون و شارەزای قورئان و ئەو شێوەزارە بون، نەک لەسەر بنەمای هەرەمەکی و خزمایەتی و ئارەزوی خەلیفە.

چوارەم: لیژنەکە هیچ شتێکیان نەدەنوسی، تەنها بەئامادەبونی خەڵکانی قورئان لەبەرنەبوایە، واتا پەڕاوە نوسراوەکان بەراورد دەکران لەگەڵ دو شاهیدی قورئان لەبەرئەو کاتە لیژنەکە قورئانەکەی دەنوسیەوە (الزرکشي، 1984، 1/236؛ الخوئي، 1981، 248؛ محسین، 1402، 85).

## 7-4: تایبەتمەندی کۆکردنەوەی قورئان لەم قۆناغەدا:

1_ ڕێکخستنی قورئان لەسەر یەک شێوەزار ئەویش شێوەزاری مەککی یان قورەیشی(ابو شبة، د.س، 3/1007؛ البقلاني، 2001، 72).

2_ ڕێکخستنی سورەتەکانی قورئان وەک ئەو شێوەیەی پێغەمبەر(د.خ) فەرمانی کردوە(ابن كثير، 1416، 73)، وەک ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە قورئاندا دەیبینین، کە چەند نوسخەیەکی عوسمان تا ئێستاش لەشارەکانی ئەستەنبول و تاشقەند بونی هەیە(بوکای، 2016، 217) .

3_ کۆتایی هێنان بەو جیاوازی لە خوێندنەوە و نوسینەوەی قورئان کە لەنێوان هاوەڵاندا هەبوە، هێشتنەوەی تەنها یەک نوسخەو یەک شێواز(السيوطي، 2008، 133؛ الخوئي، 1981، 259؛ ابو شبهة، 2003، 287).

## دەرئەنجام

یەکەم: کۆکردنەوەی قورئان لەقۆناغی یەکەمدا بەچاودێری پێغەمبەر(د.خ)بوە، کاتێک سروش دەهات، دەیفەرمو ئایەتەکان بنوسن و هەڵیگرن، لەم قۆناغەدا کۆکردنەوەی قورئان بەدو شێواز بوە، لەسینە و نوسین لەسەر ئەو شتانەی کە لەو کات بەردەست بوە.

دوەم: کۆکراوەتەوەی قورئان لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکردا، بەو شێوەیە بوە، کە هەمو پەڕاوەکانی قورئانیان کۆکردەوە و بەشاهیدی قورئان لەبەران قورئانیان لەدوتوێی یەک کتێبدا کۆیانکردەوە.

سێیەم: لەسەدەمی خەلیفە عوسماندا، نوسخەکانی قورئان کۆکرانەوە و یەک نوسخەی نوێی لێ دروستکراو ئەوانی تریان سوتاند و ئەو نوسخەیە بەهەمو شار و مەڵبەندەکاندا گشتێنرا.

چوارەم: زەیدی کوڕی سابت نوسەری وەحی بوە، زۆرتین کات لە خزمەت پێغەمبەر(د.خ)دابوە و زۆرترین ئایەتەکانی لەدوای وەحی نوسیوەتەوە، لە قۆناغی دوەمدا خەلیفە ئەبوبەکر ئەرکی نوسینەوەو کۆکردنەوەی قورئانی پێسپارد، لە قۆناغی سێیەمیشدا خەلیفە عوسمان کردی بەسەرۆکی لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان، ئەوەش ڕاست و دروستی ئەو پرۆسەیە دەردەخات.

پێنجەم: تەواوی مسوڵمانان بە(سوننە و شیعە)وە، کۆکن لەسەر ئەو قورئانەی کە لەلایەن هاوەڵان (ئەبوبەکر و عوسمان) کۆکراوەتەوە، وە تا ئێستاش هەمو مسوڵمانانی جیهان لەسەر قورئانە کۆکراوەکەی عوسمان دەڕۆن.

شەشەم: هەرچەندە هەوڵێکی زۆر هەبوە و هەیە بۆ ناشیرین کردن و لەکەدارکردنی قورئان بە تایبەت لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکان، بەڵام قورئان پارێزاوە لەلایەن خوداوە ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر، اية 9)، هەروەها خودا کارئاسانی زۆری کردوە بۆ لەبەرکەرانی قورئان، بۆیە زۆرێک لەهاوەڵان قوئانیان لە سینەدا هەڵگرتو و پارێزرابو، لەوانیشەوە گەیشتوە بە نەوەی داهاتو تر تا گەیشتوە بە ئێمە و ڕێژەی قورئان لەبەرانیش هەر زیادی کردوە.

حەوتەم: هەریەک لە ڕۆژهەڵاتناسان(تیۆدۆر نۆڵدکە و ریجیس بلاشێر)، بەپشت بەستن بە میتۆدی لایەنگری و خودی لێکۆڵینەوەیان بۆ قورئان کردوە، ئەوەش لای لێکۆڵەران و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسانیش بە میتۆدی شکست خواردو دانراوە.

## (Collecting Quran according to these orientalist`s opinion as an example Theodor Noldke and Regis Blachere) for example Critical inquiry).

**Rawand Ismael Rasul**

Department of Public Relations and Marketing, Dukan Technical Institute, Sulaimani Polytechnic University, Dukan, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

Orientalism is an academic and scientific process which the Western people try to find out about Eastern people, They are studing in most of these fields (economic, social, political and religion), It is an inseparable part in conflict and the historical connection between the Eastern and Western, Quran as a holy book of the muslims which the Orientalists had the most studing and writing about Quran, They talked about most of the to pics about Quran, In this may they created many douts, They deviated from the scientific and visionable way both of these two Orientalists (Theodor Noldke and Regis Blachere), they did a great job on Quran had been collected in three stages, at the times of the proper Muhammad(peace be upon him) and at the time of the two Rashidin Kalifas (Abubakir Alsadiq and Osman Ibn Al Hafan), It is important that the the Original historical resources had presented the way and features of collecting Quran clearly and without any douts, but both of these two Orientalists they presented their opinon on this subject, which their purpose was to create suspicion and misleading historical and scientific facts, same times, they depended on weak, resources and fabricated statements, Our goal in our studing is to show their suspicions by depending on original resources, logical and scientific evidence, we talked about their censures on their opinions.

**Keywords:** Orientalism, Quran Collection, Noldke, Blachere.

## سەرچاوەكان

القرأن الكريم

ابن ابي داود، ابي ابكر عبداللة بن سليمان بن الاشحث السجستاني(2011)، كتاب المصاحف، تحقيق: محب الدين واعظ، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن اسحاق، محمد بن اسحاق بن يسار المطلبي المدني(2004)، السيرة النبوي، حققه: احمد فريد المزيدي، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الاثير، عزالدين ابن الاثير ابى حسن على بن محمد الجزري(1970)، اسد الغابة فى المعريفة الصحابة، تحقيق: على محمد عوض و عادل احمد، دار الكتب العلمية، بيروت.

(1987)، كامل في التاريخ، تحقيق: ابى فداء عبدالله القاضي، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.

الاجري، أبوبكر محمد بن حسين بن عبداالله(د.س)، أخلاق اهل القران، تحقيق: راجي رحمة و احمد بن العربي، شبكة الالوكة، د.ت.

الباقلاني، ابي بكر ابن الطيب(2001)، الانتصار للقران، تحقيق: محمد عصام قضاة، ط1، دار ابن حزم، بيروت.

البخاري، ابي عبدالله محمد بن اسماعيل(1417ه)، صحيح البخاري، تحقيق: محمد الفؤاد عبدالباقي، دار السلام للنشر، الرياض.

الترمذي، ابى عيسى بن عيسى بن سوره(1975)، سنن الترمزي، تحقيق: احمد محمد شاكر واخرون، مطبعة مصطفى، ط2، القاهرة.

ابن جزري، ابي خير محمد بن محمد الديمشقي(1345ه)، النشر في القراأت العشر، مطبعة التوفيق، ديمشق.

ابن حجر، ابي فضل شهاب الدين احمد بن على بن محمد العسقلاني(1438ه)، فتح الباري، ط2، الاحياء التراث العربية، القاهرة.

بن حنبل، احمد(1954)، مسند، حققه:احمد محمد شاكر، ط4، دار المعارف، القاهرة.

ابن خلدون، ابو زيد ولى الدين عبدالرحمن بن محمد(د.س)، تاريخ ابن خلدون، تحقيق: ابو صهيب الكرمى، بيت الافكار الدولية، الرياض.

راغب الاسفهاني، ابو القاسم الحسين بن محمد(1412ه)، المفردات في غريب القران، تحقيق: صفوان عدنان الداودي، ط1، دار القلم، دمشق.

الزركشي، بدرالدين محمد بن عبداللة(1984)، البرهان في العلوم القرأن، تحقيق: محمد ابوفضل، ط3، دار التراث، القاهرة.

الذهبي، شمس الدين ابي عبدالله ببن محمد بن احمد بن عثمان(1988)، معرفة القراء الكبار على الاطبقات والاعصار، تحقيق: بشار عواد معروف واخرون، ط2، مؤسسة الرسالة، بيروت.

(1996)، سير الاعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الارؤوط، ط11، مؤسسة الرسالة، بيروت.

الاسخاوي، ابى الحسن علم الدين على بن محمد(1997)، جمال القراء وكمال الاقراء، حققه وشرح: مروان العطية و محين خرابة، ط1، دار المأمون للتراث، بيروت.

ابن سعد، محمد بن نافيع الزهري(2001)، الطبقات الكبرى، تحقيق: على محمد، ط1، مكتبة الخانجي، القاهرة.

السهلي، ابي قاسم عبدارحمن بن عبدالله(د.س)، الروض الانف في تفسير السيرة النبوية لابن هشام، حققه: مجدي منصور، دار الكتب العلمية، بيروت.

السيوطي، جلال الدين(2008)، الاتقان في العلوم القران، تحقيق: شعيب الارنؤوط، ط1، مؤسسة الرسالة، بيروت.

ابي شامة، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل بن ابراهيم(2003)، المرشد الوجيز الى علوم تتعلق بألكتاب العزيز، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن شبة، ابو زيد عمر بن شبة النمري(د.س)، تاريخ المدينة المنورة، تحقيق: فهيم محمد شلتوت، ط1، دار الفكر، بيروت.

الطبري، ابي جعفر محمد بن جرير(1963)، تأريخ الرسول والملوک، تحقيق: محمد ابوفضل، ط2، دار المعارف، القاهرة.

ابى عبيد، ابي قاسم بن سلام الهروي(د.س)، فضائل القرأن، تحقيق: مروان حطية واخرون، دار ابن كثير، دمشق.

الكاشاني، محمد حسن الفيض(1430ه)، الوافي، مكتبة امير المؤمينين العامه، اصفهان.

ابن كثير، ابي فداء عماددين اسماعيل (1416ه)، فضائل القرأن، تحقيق: ابو اسحاق الحويني، مكتبة ابن تيمية، القاهرة.

(1999)، تفسير القران العظيم، تحقيق:سامي بن محمد، دار الطبيعة، الرياض.

المجلسي، محمد باقر(1983)، بحار الأنوار الجامعة لدرر أخبار الأئمة الأطهار، ط3، دار احياء التراث العربي، بيروت.

مسلم، بن الحجاج القشيري النيسابوري(1994)، صحيح مسلم، ضبطه وصححه: محمد سالم هاشم، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن منظور، محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل الأنصاري الإفريقى(1414ه)، لسان العرب، ط3، دار الصادر، بيروت.

ان النديم، ابي فرج محمد بن اسحاق(2009)، كتاب الفهرست، حققه: ايمن فؤاد سيد، مؤسسة الفرقان، لندن.

ابن هشام، ابو محمد عبدالملك(1990)، سيرة النبوية، حققه: عمر عبدالسلام تدمري، ط3، دار الكتب العربى، بيروت.

اليعقوبي، احمد بن ابي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واض(1995)، تاريخ اليعقوبي، ط6، دار الصادر. بيروت.

ژێدەرەكان

ابو شبهة، محمد بن محمد بن سوليم (2003)، المدخل لدراسة القرأن الكريم، ط2، كتبة السنة، القاهرة.

الابياري، ابراهيم(1981)، تاريخ القران، ط2، دار اللبناني، بيروت.

بدوي، عبدالرحمن(1993)، موسوعة المستشرقون، ط1، دار العلوم للملاين، بيروت.

بلاشير(1974)، القران نزوله ، تدوينه، ترجمته وتاثيره، ت: رضا سعادة، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

(1958)، مقدمة القران، باريس.

بنى عامر، محمد أمين حسن محمد(2004)، المستشرقون والقران الكريم، ط1، دار الامل للنشر والتوزيع، عمان.

بودلي(1989)، الرسول حياة محمد، ت: محمد محمد فرج و عبدالحميد السحار، مكتبة المصر.

حمدان، نذير(1988)، مستشرقون_ جامعيون_ مجمعيون، مكتبة الصديق، الطائف.

الخوئي، ابو القاسم الموسوي(1981)، البيان في تفسير القران، مطبعة فريدون، د.م.

الدارابي، علي الموسوي(1432ه)، نصوص في العلوم القران، ط3، كتابخانه مللي ايران، مشهد.

دراز، محمد عبداللة(1984)، مدخل الى القران الريم، ت: محمد عبدالعظيم على، دار القلم، الكويت.

دي بريمار، ألفريد لويس(2009)، تأسيس الاسلام بين الكتابة والتاريخ، ت: عيسى محاسبي، ط1، دار الساقي، بيروت.

رضوان، عمر بن ابراهيم(1992)، اراء المستشرقين حول القران الكريم، دار الطيبة، الرياض.

الزرقاني، محمد عبدالعظيم(1995)، مناهل العرفان في العلوم القران، حققه واعتنى به: فواز احمد زمرلي، ط1، دار الكتاب العربي، بيروت.

زماني، محمد حسن(2010)، الاستشراق و الدراسات الاسلامية لدى الغربين، ت: محمد نورالدين عبدالمنعم، ط1، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

زناتي، انور محمد (2006)، زيارة جديدة للأستشراق مح دراسة لرؤية الاستشراق المنصفة للرسول محمد (ص)، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

سعيد، ادوارد(2005)، الاستشراق (المعرفة، السلطة، الانشاء)، ت: كمال ابوديب، ط3، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت.

السقار، منفذ بن محمود(2015)، تنزية القران الكريم عن دعاوي المبطلين، ط1، تكوين الدراسات الابحاث، خيبر.

شاهين، عبدالصبور(2007)، تاريخ القران، ط3، نهضة المصر، القاهرة.

الشمري، رباح صعصع عنان(2014)، جمع القران عند المستشرقين جون جلكريست أنموزجا، ط1، دارالكفيل، د.ت.

الشهرستاني، سيد علي(1435ه)، جمع القران نقد الوثائق و عرض الحقائق، مكتبة الدراسات السترانيجية، كربلاء.

العبيد، علي بن سليمان(د.س)، جمع القران الكريم حفظا و كتابا، رياض.

العقيقي، نجيب(1964)، المستشرقون، ط3، دار المعاريف بمصر، القاهرة.

فوك، يوهان(2000)، تأريخ الحركة الاستشراق، ت: عمر لطفي العالم، ط2، دار الحوار الاسلامي، بيروت.

الكردي، محمد طاهر بن عبدالقادر(1953)، تاريخ القران وغرائب الرسمية وحكمه، ط2، مكتبة مصطفى، القاهرة.

لوبون، گوستاڤ(2012)، حضارة العرب، ت: عادل زعيتر، مؤسسة هنداوي للتعلم والثقافة، القاهرة.

محسين، محمد سالم(1402ه)، تاريخ القران، دعوة الحق، المدينة المنورة.

مراد، يحيي(2004)، معجم اسماء المستشرقين، دار الكتب العلمية، بيروت.

معرفة، محمد هادي(1396ه)، التمهيد في العلوم القران، مطبعة مهر، قم.

المطيرى، محمد بن على بن جميل(2015)، مقدمة فى العلوم القرأن، ناشر الألوكة، صنعاء.

النجار، جمال مصطفى(1992)، جمع القران الكريم بين الحقائق الثابتة و الشبهات الهابطة، ط1، الحسين الاسلامية،القاهرة.

نولدكه، تيودور(2000)، تاريخ القران، ت: جورج فارمر، دار النشر جورج ألمز، هيلدسهايم.

ئەحمەد، سامان حسين(2016)، مێژوی کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیدا(1900-1950)، چ1، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

بۆکای مۆریس(2016)، قورئانی پیرۆز و تەورات و ئینجیل و زانست، و: قاسم عەلی، چ1، چاپخانەی نارین، هەولێر.

## پەراوێزەکان

i - تیۆدۆر نۆڵدکە(1836_1930ز)، ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئەڵمانی، لەشاری هامبۆرگ لەدایک بوهزۆربەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانیوە لەوانە عەرەبی و فارسی و تورکی و سریانی و عیبری...، مامۆستای زۆرێک لەڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییەکان بوە، لەسالی (1956ز) دکتۆرای بەپلەی نایاب بەدەستهێناوە، ئەتروحەکی بەناوی (أصل وترکیب سور القران)،

که دواتر به ســـێ بەرگدا بەناونیشـــانی (تاريخ القران) بڵاوکراوەتەوە، خاوەنی بەرهەمێکی زۆری ڕۆژهەڵاتناســـیە، لەوانە (القرأن الرســمية فی قراءات مصـــر)، (الشـيعة)، (اب هرون الرشــيد)، (تراجم المســلمين)، هتد (فوک، 2000، 225؛ العقيقي، 1964، 2/739-740؛ مراد، 2004، 1555).

ii - ڕیجس بلاشـێر(1900_1973ز) ڕۆژهەڵاتناســی بەناوبانگی فەرەنســی لەدوروبەری شــاری پاریس لەدایک بوە، لەگەڵ خێزانەکەی کۆچیان کردوە بۆ مەغریب و لەوێ گەورە بوە و قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردوە و لەساڵی (1936ز)دکتۆرای بەدەســت هێناوە، خاوەنی بەرهەمێکی زۆری ڕۆژهەڵاتناسـیە، گرنگترینیان وەرگێرانی قورئان بۆ زمانی فەرەنســی لەماوەی ســاڵانی (1947 بۆ 1952) لەســێ بەرگدا، و (القران نزوله، وتدوينه.....)، (مصـــدر التاريخ العلوم عند العرب)، (تاريخ الادب العربی)، (مقدمة القران)، (معضلة محمد)،...هتد (بدوي، 1993، 127؛ حمدان، 1988، 144).

3- ڕۆدی بارت(1901-1983ز)، ڕۆژهەڵاتناســـی ئەڵمانیا و زانکۆی توبنگن خوێندنی تەواوکردوە، زیاتر لەســـەر لایەنی زانستی شارستانی ئیسلامی کاری کردوە، قورئانی بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێراوە(بدوي، 1993،62-63).

iv- موریس بوکای(1920-1998)، پزیشک و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی، لەشاری بون لیفیک لەبنەماڵەیەکی مەسیحی لەدایک بوە، لێکۆڵینەوەی زۆری کردوە لەهەرسـێ ئاینی مەسـیحی و یەهودی و ئیسـلامی، کتێبێکی بەناوبانگی لەو بارەوە نوسـیوە بەناوی (التورات و الانجيل و القران والعلم الحديث)، سەرەنجام مسوڵمان بوە(بوكاي، 2016، 5-7).

v- ر.ف.بودلی(1892-1970)، ڕۆژهەڵاتناســـی بەریتانی، لەپاریس لەدایک بوە، ئەفســـەر بوە لەســـوپا و بەژداری جەنگی جیهانی یەکەمی کردوە، چەندین پۆســـت و ئەرکی لەناوچە مســـوڵمان نشـــینەکان هەبوە، بەناوبانگترین دانراوی بەناوی (الرسول: حياة محمد)(العقيقي، 1964، 2/529).

vi - گوســتاف لوبون(1841-1931)، پزیشـک و ڕۆژهەڵاتناســی و کۆمەڵناســی بەناوبانگی فەرەنســی لەشــاری لوروترۆ لەدایک بوە، ئارەزوی زۆری بەکارکردن بوە لەســـەر شـــاســـتانیە کۆنەکان، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەســـەر شـــارســـتانی ئیسلامی لەوانە (حضارة العرب)، (حضارة العرب فی الاندلوس)...هتد(مراد، 2004، 961).

vii - عەبدوڵڵای کوڕی مەســـعود کوڕی غافل کوڕی حەبیب هوزەیلی، لەمەککە لەدایکبوە و گەورە بوە، لەســـاڵی (32ک /653ز)، لە مەدینە مردوە، شەشەم کەس بوە مسوڵمان بوە، نوسەری وەحی بوە، و زۆر شارەزایی لە بابەتە قورئانییەکان بوە، کۆچی کردوە بۆ حەبەشە و مەدینە، بەژداری زۆربەی جەنگەکانی کردوە، کاری قەزاوەتی کردوە لەشاری کوفە(الذهبي، 1996، 1/461-500).

viii - ئوبەی کوڕی کەعب کوڕی قەیس کوڕی عوبەید، لەشــاری مەدینە لەدایکبوە و لەســاڵی (30ک/ 650ز)مردوە، لەهۆزی خەزرەج بوە و نوســەری وەحی بوە، یەکێک بوە لەوانەی قورئانی لای خۆی کۆکردۆتەوە، بەناوبانگترین قورئان خوێن بوە، ژمارەیەک فەرمودەشی گێڕاوەتەوە(ابن الاثير، 1970، 1/61-63).

9_ بیری مەعونە: ئەم ڕوداوە لەســـاڵی چواری کۆچی ڕویداوە، لەناوچەیەک لەنێوان شـــاری مەککەو مەدینەدا، تێیدا پێغەمبەر(د.خ)، حەفتا کەسی نارد بۆ ئەوەی هۆزی بەنو عامر مسوڵمان بن لەسەر داوای خۆیان، بەڵام ئەوان خیانەتیان لە بەڵێنەکەیان کردو، سەرجەمیان کوشتن(ابن اسحاق، 2004، 378-379).

x - شـــەڕی حەدیقەت ئەلمەوت(یەمامە): یەکێک بو لەو شـــەڕانەی کە مســـوڵمانان لەســـەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر دژی هەڵگەڕاوەکان ئەنجامیدا، بەســـەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید و توانی ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنێت و موســـەیلەمەی سەرکردەشیان بکوژێت و کۆتای بەو ئاژاوە بهێنێت(طبري، 1962، ج3/290-300).

xi - حوزەیفەی کوڕی یەمان کوری جابر غەفتانی قەیسـی:_ لەمەککە لەدایک بوە، ساڵی (36ک-656ز)لەمەداین مردوە، لە مســـوڵمانە ســـەرەتاییەکانە و کۆچی کردوە بۆ مەدینە، نەهێنی هەڵگری پێغەمبەر(د.خ)بوە، لەزۆربەی جەنگەکان بەژداربوە و بەژداری فەتحی شام و عیراق و جەزیرەی کردوە...(ابن الاثير، 1970، 1/468-470).